Vision Foundation
For Strategic Studies

2025
January 6

# ڕۆڵی زانکۆ تایبەتەکان لە دارشتنی شوناسی کۆمەڵایەتی دا


توێژەر:
م. سارا کەمال معروف
بەشی توێژینەوەکان
دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی


جۆری بڵاوکراوە :
توێژینەوەی زانستی مەیدانی

بابەت:
پەروەردەی کۆمەڵایەتی

# ڕۆڵی زانکۆ تایبەتەکان لە داڕشتنی شوناسی کۆمەڵایەتی دا

**جۆری بڵاوکراوە :**
توێژینەوەی زانستی مەیدانی

**بابەت :**
پەروەردەی کۆمەڵایەتی

**توێژەران:**
م. سارا کەمال معروف

**بەیاننامەی دامەزراوەکە:**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیژییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەرێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

**تێبینی:**

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

**مافی بڵاکردنەوەی پارێزراوە ٢٠٢٥**

**پوختە:**

لەگەڵ بڵاوبوونەوە و بەرەوپێشچوونی خوێندنی تایبەت، دامەزراوەکانی خوێندنی تایبەت نەک تەنها وەک جێگایەکی پێشکەوتنی ئەکادیمی و پێدانی بڕوانامە، بەڵکو وەک ناوەندێک بۆ بونیادنانی پێگە و ناسنامەی کۆمەڵایەتیش کاردەکەن، واتە ژینگە پەروەردەییەکان بە گشتی و ژینگەی پەروەردە و خوێندنی تایبەت بە تایبەتتر چۆن کاریگەرییان لەسەر بونیادنانی ناسنامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو خوێندکارانە هەیە کە تیایدا دەخوێنن.

واتە ئامانجی توێژینەوەکە دەرخستنی ڕۆڵی زانکۆ تایبەتییەکانە لە داڕشتنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی خوێندکاراندا لە شاری سلێمانی، بە بەکارهێنانی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتیش هەوڵی ڕوونکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە دراوە.

شێوازی توێژینەوەکە چۆنایەتییە و میتۆدی شیکاری بابەت بەکارهێنراوە، لە ڕێگەی ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتنەوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ (١٥) خوێندکاری زانکۆ تایبەتەکانی سنووری شاری سلێمانی کراوە. ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی نێوان ناسنامەی کۆمەڵایەتی تاک بە ژینگە پەروەردەییەکانەوە لێکدەداتەوە و هەوڵ دەدات نیشانی بدات کە چۆن زانکۆ تایبەتەکان وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی تاکەکەس و چینی کۆمەڵایەتییەکەی لەناو خوێندکاراندا ڕۆڵیان هەیە.

**پێشەکی:**

خوێندن، کە لە چوونە قۆناغی سەرەتاییەوە دەست پێدەکات و بنەڕەتی و ئامادەیی و پاشان زانکۆ و دواتر لە خوێندنی باڵ (ماستەر، دکتۆرا، پۆست دکتۆرا) دا بە کۆتا دێت، مافێکی بنەڕەتی مرۆڤ و نیشاندەرێکی سەرەکی گەشەسەندنی کۆمەڵگاکانە، هەربۆیە بە درێژایی زەمەن گۆڕانکاری و بەرەوپێشچوون لە ڕێگاکانی دەستڕاگەشتن بە خوێندن و ئامرازەکانیدا کراوە و دەکرێت. لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، ناوەندەکانی خوێندن، وەک ژینگەیەک کە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی جۆراوجۆری تێدایە، هێزی ئەوەیان هەیە کە تێڕوانینی خوێندکارەکانیان سەبارەت بە پرس و بابەتی جیاواز ئاڕاستە بکەن. لە نێو ئەم دامەزراوانەدا، هەڵبەت زانکۆ لە پلەی یەکەمدایە لە ئاستی کاریگەری کردنە سەر خوێندکاران و گۆڕینی تێڕوانین و ئامانجەکانیان، ساڵانێکیشە لە سەرانسەری جیهاندا دیاردەی بە تایبەت بوونی ناوەندەکانی خوێندن لە ئارادایە و هەڵبەت زانکۆکانیش لەمە بێبەش نین، بەم جۆرە کوردستان و شاری سلێمانیش بە تایبەتتر بێبەش نەبوون لەم ڕەوتی بە تایبەت بوونەی زانکۆکان، زانکۆ تایبەتەکان وەک ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی، زۆرجار خۆیان جیا دەکەنەوە بە دروستکردنی ژینگەیەکی تایبەت و هاوڕێک لەگەڵ ستانداردە جیهانییەکان (دەرخستنی ئەم ژینگەیەشیان لە ڕێگای سۆشیاڵ میدیاکانەوە)، بە جۆرێک ئەم زانکۆیانە کە جێگای بایەخی توێژینەوەکەیە، بە تەنها کاریگەری لەسەر خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامە نەبووە لەلایەن خوێندکارەوە، بەڵکو لەگەڵ ئەوانەدا دەکرێت وەک ناوەندێکیش بۆ وەرگرتن و گۆڕینی ناسنامە و پێگەی کۆمەڵایەتی خوێندکارەکان خۆیان و خێزانەکانیشیان کاری کردبێت، بەڕادەیەک بۆ هەندێک کەس خوێندن لە زانکۆیەکی تایبەتدا تەنها بەدەستهێنانی بڕوانامەیەک نییە، بەڵکو دەرفەتێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی بەهێز و فراوانتر و بەدەستهێنانی پێگەی بەرزتر و داڕشتنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی لەناو ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەدای کە تیایدا دەژی و جیاکردنەوەی خۆی لە هاوتەمەنەکانی لە دامەزراوە و گرووپەکانی دیکە.

**بەشی یەکەم**

**باسی یەکەم/ ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە:**

خاڵی سەرەکی و دەستپێکی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک، بریتییە لە دیاریکردنی کێشەی توێژینەوە، بەو هۆیەی بوونی کێشە و پرسیاری بەردەوام لەسەر بابەتێک لەلای توێژەر، پەلکێشی دەکات بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە و کارکردن لەسەر ئەو بابەتە. پرۆسەی خوێندن بە هەردوو جۆری تایبەت و گشتی مافی سەرەتایی هەر تاکێکە بۆ وەرگرتنی بەها و ئەو زانیارییە و پسپۆڕییە وردەی ئارەزووی دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجی توێژەری ئەم توێژینەوەیەیە، دوو پرسیاری سەرەکیین کە بریتین لە:

١. چۆن خوێندن لە زانکۆیەکی تایبەت کاریگەری لەسەر ناسنامەی کۆمەڵایەتی خوێندکاران دەبێت؟

٢. هۆکارە پەیوەندیدارەکانی وەک کلتووری ناو کەمپی زانکۆ و کارلێکەکانی ناوی چۆن کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی خوێندکارەکە هەیە؟

**دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکان گرنگی خۆیان هەیە بۆ دەستنیشانکردنی گرفتەکان و پاشان بەدواداچوونییان، بەتایبەت لە لایەنی مەیدانیدا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هۆکار و چارەسەر بۆیان. ئەم توێژینەوەیە گرنگی خۆی هەیە لە شیکردنەوەی ڕۆڵی زانکۆ تایبەتەکان لە داڕشتنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی خوێندکارانیدا.

**سێهەم/ ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، بریتییە لە دەرخستن و شیکردنەوەی کاریگەری زانکۆ تایبەتییەکان وەک ژینگەیەکی پەروەردەیی، لەسەر دروستبوونی ناسنامەی کۆمەڵایەتی خوێندکاران و بەشداریکردنیان لە دووبارە بەرهەمهێنانەوە و گۆڕینی چینی کۆمەڵایەتی خوێندکاراندا.

**باسی دووەم/ چەمکە سەرەکییەکان و تیۆری بەکارهاتوو**

**یەکەم: زانکۆ تایبەتییەکان Private university**

زانکۆ، وەک جێگایەک کە گەنجان لە سەرجەم بوارە جیاوازەکاندا تیایدا دەخوێنن، بە لوتکەی پلەبەندی پەروەردەیی دادەنرێت و ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێت لە ئامادەکردنی سەرچاوە مرۆییە لێهاتووەکان بۆ کەرتە جیاوازەکانی بازرگانی و بەرهەمهێنان، لە هەمان کاتدا وەک هێزێکی بزوێنەری گرنگ لە گەشەسەندنی فیکری و زانستی کۆمەڵگادا کاردەکات، بە شێوەیەکی گشتیش ئامانجی گشتگیری زانکۆ بریتییە لە، ئەنجامدانی توێژینەوە، پێشکەشکردنی خوێندنی ئاست بەرز، بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی زانیاری بە تاکەکان (Saban, 2016:44).

زانکۆکان، بەو مانایەی ئێستایان، لە کۆتایی سەدەی (١١) و (١٢)دا لە ئەوروپای سەدەی ناوەڕاستدا هاتنە پێشەوە.

لە ئەوروپای سەدەی ناوەڕاستدا چەمکی ( ستایۆدۆم جێنەڕالی ) هاو واتای زانکۆی مۆدێرنە، سەرهەڵدانی چەمکی زانکۆ لە ڕۆژئاوا پەیوەندی بە پرۆسەی شارنشینییەوە هەیە، ئەوروپای سەدەی ناوەڕاست کە کارلێکی جددی لەگەڵ شارستانیەتی ئیسلامیدا هەبوو، بەتایبەتی دوای سەدەی هەشتەم، کەوتە ناو پرۆسەی شارنشینی خێرا و بەرزبوونەوەی ئاستی زانستی پیاوانی ئایینی. بیرۆکەی یەکێتی دامەزراوەیی کە لەگەڵ پرۆسەی شارنشینیدا سەریهەڵدا، وایکرد کە کڵێسا و خانەقا و دامەزراوە ئاینییەکانی دیکە ببنە دامەزراوەیەک کە بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە زانست بەرهەمدەهێنن. یەکێک لەو دوو هۆکارە سەرەکییانەی کە کاریگەری لەسەر سەرهەڵدانی زانکۆکان لە ئەوروپای سەدەی ناوەڕاستدا هەیە، ئەو میراتە مێژووییەیە کە ئەوروپای سەدەی ناوەڕاست لە سەردەمی دێرینەوە بۆی ماوەتەوە. هۆکارێکی دیکە کارلێکی ئەوروپای سەدەی ناوەڕاستە لەگەڵ شارستانیەتەکانی دیکە. بە درێژایی زەمەنیش چەندین زانکۆی دیکە لە شار و وڵاتانی دیکە کرانەوە و هەمان خزمەتگوزارییان پێشکەش دەکرد کە ئامانجی گشتی زانکۆکانن، گەشەسەندنی مێژوویی زانکۆکان لە عێراقدا تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی لەمێژینەی زانکۆکان لە بواری پەروەردە و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا.

لە سەردەمی عەباسیدا خەلیفە هارون ڕەشید (بیت الحكمە)ی دامەزراند ، ژمارەیەکی زۆریش لە وەرگێڕەکان لەوێ کاریان دەکرد بە وەرگێڕانی بەرهەمە گرنگەکان لە زمانەکانی یۆنانی، سریانی، هیندی و فارسییەوە بۆ زمانی عەرەبی، بناغەی گۆڕانکاری ئەکادیمییان دانا (27Antalyalı-2007:26,).

لەگەڵ ئەمانەدا ئەو مەدرەسانەی وەک بەشێک لە سیستەمی پەروەردەی ئیسلامی هەبوون وردە وردە گۆڕان بۆ زانکۆی مۆدێرن، ئەم گۆڕانکارییانەش بە درێژایی کات بەردەوام بوون و دامەزراندنی زانکۆ تایبەتەکانیشی لێکەوتەوە. بە پێی یاسایەکی تایبەت کە لە ژمارە (٢٥)ی ساڵی (٢٠١٦) دەرچوو و ڕێگەیدا بە کردنەوەی زانکۆی تایبەت لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، کە ڕۆڵی ئەم زانکۆیانە دەخاتەڕوو لە بەرەوپێشبردنی زانستی و بەرپرسیارییەتی نیشتیمانی و پاڵپشتیکردنی گەشەپێدانی پەروەردەیی، بە جۆرێک تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی بەرفراوان بەردەوامن لە پێشکەشکردنی دەرفەتەکانی خوێندن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. لە هەرێمی کوردستانیش زانکۆ تایبەتەکان، لەم چەند ساڵەی دواییدا گەشەیەکی خێرایان لە ژمارەدا بەخۆوە بینی و بووەنە بەشێکی بەرچاو لە سیستەمی خوێندنی باڵا لە کوردستاندا، بە شێوەیەکی گشتیش لەدوای یاسای ژمارە (٢)ی زانکۆ تایبەتەکانی ساڵی (٢٠١٣) ی دەرچوو لە پەرلەمانی کوردستانەوە کە چوارچێوەی بۆ کردنەوە و دامەزراندنی زانکۆ تایبەتەکان دانا. بەپێی یاساکە ئەم دامەزراوانە ئامانجیان بەشداریکردنە لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، دابینکردنی پێداویستییە پەرەسەندووەکانی کۆمەڵگا و ڕەخساندنی دەرفەتە فێرکارییەکان بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئاستی زانستییان بەرز بکەنەوە، لە هەمان کاتیشدا بەجێگەیاندنی خزمەتە توێژینەوەسازییەکانە، واتە بەم شێوەیە زانکۆ تایبەتەکان هەم وەک ناوەندی پەروەردە و هەم وەک بەشداربوو لە خۆشگوزەرانی گشتی و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا سەیر دەکرێن. ئەو زانکۆ تایبەتانەی لە شاری سلێمانی هەن کە ناوچەی سەرنجی توێژینەوەکەیە و تاکو ئەمڕۆش بەردەوامن لە پێشکەشکردنی خزمەت، بریتیین لە هەریەک لە زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق - سلێمانی ( ٢٠٠٧ )، زانکۆی کۆمار بۆ تەکنەلۆژیا ( ٢٠٠٧ )، زانکۆی جیهان ( ٢٠٠٧ )، زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی ( ٢٠٠٨ )، زانکۆی تیشک ( ٢٠١٤ )، کۆلێژی زانکۆی گۆیژە ( ٢٠١٨ ) و هەروەها زانکۆی قەیوانی نێودەوڵەتی ( ٢٠١٨ ).

پەرەسەندنی زانکۆ تایبەتەکان لە سلێمانی وەک دەردەکەوێت دیاردەیەکی تاڕادەیەک نوێیە، بەڵام ئەم دامەزراوانە بەدەر لە دابینکردنی داواکارییەکانی پەروەردە و بازاڕ و خزمەتکردن بە لایەنی ئەکادیمییەوە، دەستیان کردووە بە خزمەتکردنی کۆمەڵێک ئامانج لەدەرەوەی تەنها ئەم کارانە، لە ئێستادا وا دەردەکەوێت کە ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە داڕشتنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی خوێندکارانیاندا. ئەم ڕۆڵە پەرەسەندووەی زانکۆ تایبەتەکانیش لە پێکهاتنی ناسنامەدا، خاڵی سەرنجی ئەم توێژینەوەیەیە.

**دووەم: ناسنامەی کۆمەڵایەتی Social identity**

ناسنامە ( Identity )وەک لایەنێکی بنەڕەتی و سروشتی مرۆڤ سەیر دەکرێت، کە بە قووڵی بەستراوەتەوە بە پاشخانی کلتووری یان نەتەوەیی کەسەکەوە، بە جۆرێک ناسنامەی مرۆڤ لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە نەریت و بەها و نۆرم و میراتی گروپی نەتەوەیی یان کلتوورییەکەیەوە. هەربۆیەش ناسنامە دەبێتە ڕێگەیەک بۆ پاراستن و گواستنەوەی بەردەوامی کلتووری لە نێوان نەوەکاندا. لە لایەکی دیکەوە چەمکی ناسنامە وەک خود باسدەکرێت، ئەم بەکارهێنانەشی بەهۆی هەستی تاکە بە خود کە لەو ڕۆڵە جۆراوجۆرانەی کە لە کۆمەڵگادا دەیگێڕێت سەرهەڵدەدات. لێرەدا ناسنامە داینامیکە و بە هۆی کارلێک و دۆخە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەگۆڕێت (Kıroğlu,2020:99).

مەبەست لە ناسنامەی کۆمەڵایەتیش، خۆ پێناسەکردنی تاکە لەسەر بنەمای ئەندامییەتی لە هەندێک گرووپدا، ئەگەرچی تاکەکان سەر بە زۆر گرووپی جیاجیان وەک (نەتەوەیی، ئایینی، پیشەیی)، بەڵام تەنها هەندێک لەو ئەندامییەتییانە دەبنە بەشێکی بنەڕەتی بۆ پێناسەکردنی خۆیان، بە نموونە ڕەنگە تاک بە توندی خۆی بە ژنبوون، موسوڵمان بوون، یان دیموکراتی بووندا بناسێنێت. واتە ناسنامەی کۆمەڵایەتی پێویستی بە کارلێکی کەسی نییە لەگەڵ هەموو ئەندامێکی دیکەی ئەو گرووپەدا کە تاکی تێدایە، بەڵکو لەسەر بنەمای باوەڕێکی هاوبەش دامەزراوە کە ئەندامانی گرووپ تایبەتمەندی یان ئەزموونی هاوبەشیان هەیە، ئەم ناسنامەی کۆمەڵایەتییە چوارچێوەیەک بۆ چۆنییەتی بینینی تاکەکان لەلایەن دەورووبەرەوە دادەنێت و کاریگەری لەسەر کردار و بەرژەوەندی و هۆشیارییان لە پرسە کۆمەڵایەتییە فراوانەکاندا دەبێت (Deaux,2011:18)، بە جۆرێک ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەو وێنەیەیە کە ئەکتەرەکان بەدەستیدەهێنن کاتێک خۆیان وەک ئەندامی کۆمەڵگایەک دادەنێن.

تاکەکان زۆرجار زیاتر لە ناسنامەیەکی کۆمەڵایەتییان هەیە، کە دەکرێک نزیک یان جیاواز بن، بە نموونە، ئافرەتێک دەتوانرێت لە یەک کاتدا بە دایک و پزیشک و فێمینیستیش بانگ بکرێت، گرنگی ناسنامە جیاوازەکانیش ڕەنگە بەپێی چوارچێوە و بارودۆخەکان بگۆڕێت. لە هەمان کاتدا ناسنامە کۆمەڵایەتییەکان جێگیر نین، واتە دەگۆڕێن بە تێپەڕبوونی کات و گەشە دەکەن بەپێی ئەزموونی ژیان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و گەشەکردنی کەسی. هەروەها دەتوانن کاریگەرییان لەسەر پاڵنەر و ڕەفتارەکان هەبێت و تاکەکان بەرەو ئەوە ببەن کە هاوتەریب لەگەڵ گرووپەکان مامەڵە بکەن، هەڵگرتنی هەندێک ناسنامەی کۆمەڵایەتیش بە گشتی دەتوانێت کاریگەری کۆمەڵایەتی فراوانتری هەبێت (Deaux,2015:46).

ناسنامەی کۆمەڵایەتی بە شێوازی جیاواز بەدەستدەهێنرێت، کە بە کورتی بریتیین لە، (ناسنامەی نەتەوەیی) کە بریتییە لە ناساندن لەگەڵ گرووپێک لەسەر بنەمای هۆکارە کلتوورییەکان وەک نەریت، زمان یان بنەچەی نەتەوەیی. بە نموونە، ناساندن وەک کورد یان تورک.

(ناسنامەی ئایینی)، ئاماژەیە بۆ ناساندن لەگەڵ ئایینێکی دیاریکراو وەک مەسیحی، ئیسلام یان بودایی، زۆرجاریش چوارچێوەیەک بۆ بەها و بیروباوەڕ و کردارەکانی تاک دادەنێت. (ناسنامەی سیاسی) پەیوەستە بە بیروباوەڕی سیاسی یان پەیوەندییەکانی مرۆڤ، وەک دیموکرات، کۆماری یان چالاکوان بێت بۆ دۆزێکی دیاریکراو، ناسنامە سیاسییەکانیش لەگەڵ هەندێک بەها و ئایدۆلۆژیادا هاوتەریبن. (ناسنامەی پیشەیی)، ئاماژەن بۆ پیشە و کاری مرۆڤ، وەک پزیشک یان مامۆستا، هەڵبەت ناسنامەی پیشەییش لە ڕێگەی بڕوانامە و پرۆسەی پەروەردەوە بەدەست دێت. بە گشتی ئەم توێژینەوەیە دەکەوێتە چوارچێوەی ئەم جۆرەی ناسنامەی کۆمەڵایەتییەوە، بەجۆرێک کە دەکرێت خوێندنی پسپۆڕییەکی دیاریکراو و دەرچوون و بڕوانامە بەدەستهێنان لە زانکۆیەکی دیاریکراو ناسنامەیەکی جیاواز بە تاک ببەخشێت. (پەیوەندی کەسیی)، بریتین لەو ناسنامانەی کە لە ڕێگەی پەیوەندی کەسییەوە دروست دەبن، وەک دایک بوون، ژن بوون، یان هاوڕێیەتی، جۆری کۆتاییش (گرووپە بچووک و خاوەن کەیسەکانن)، ئەمانەش ئەو ناسنامانەن کە پەیوەندییان بەو گرووپانەوە هەیە کە ڕووبەڕووی چەواشەکاری کۆمەڵایەتی یان پشتگوێخستن دەبنەوە، وەک کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت یان ئەندامانی کۆمەڵگا پەراوێزخراوەکان، ناسنامەی ئەم گرووپانە بە شێوەیەکی گشتی دەتوانرێت کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێت لەسەر چۆنییەتی هەستکردن پێیان و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا لەلایەن کۆمەڵگاوە (Deaux,2011:19).

**سێهەم: تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی Social identity theory**

تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیە لەوەی چۆن مرۆڤەکان خۆیان سەر بە گروپێک دەبینن جیا لە گرووپەکانی دیکە دەروونناسە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکانی وەک ئالپۆرت و ئاش لە ڕوانگەیەکی تاکگەراییەوە سەیری ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان دەکرد، ئەوان پێیان وابوو کە دەروونی تاک بە یەکسانی دەمێنێتەوە بەبێ گوێدانە ئەوەی کە لە چ بارودۆخێکی کۆمەڵایەتیدا بێت، ئەمەش ڕێبازێکی تاک - سەنتەرییە، بەجۆرێک تیایدا تاک لەژێر کاریگەری گرووپەکاندا ڕەفتار ناگۆڕێت(Stets and Burke,2000:16)، بەڵام بەو پێیەی کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت وەک چەمکێکی گرووپی کار بکات، هەریەک لە تورنەر و تاجفیل لە ساڵی (١٩٧٠) بەرپەرچی ئەم ڕێبازە تاکگەراییەیان دایەوە و چەمکی بێ کەسایەتییان ناساند (Depersonalization)، بە واتای ئەوەی تاکەکانی ناو گرووپێک بەجۆرێک مامەڵە دەکەن کە زیاتر لەگەڵ نۆرمەکانی گرووپەکەدا بگونجێت. ئەم چەمکە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن ڕەفتاری تاکەکەسی دەکرێت کاریگەری گرووپی لەسەربێت، بە جۆرێک ناسنامەی بە کۆمەڵ بەسەر خودی تاکەکەسیدا بەهێز دەکات و ڕەنگ دەداتەوە تیایدا( Turner and Oakes,1986:112 ).
واتە ئەم تیۆرە کە لەلایەن تۆرنەر و هاوکارەکانیەوە پەرەی پێدراوە، ڕوونی دەکاتەوە کە تاکەکان چۆن خۆیان وەک بەشێک لە گرووپێک پۆلێن دەکەن و ئەمەش چۆن چەمکی خود و کردار و ڕەفتارەکانیان ئاراستە دەکات  واتە تیۆرەکە دان بەوەدا دەنێت کە تاکەکان لەپاڵ ناسنامەی کەسییاندا کە تایبەتمەندییە کەسییەکانی وەک توانا و حەزیانە، ناسنامەی کۆمەڵایەتیشییان هەیە کە پۆلێنبەندی و ئەندامێتییان لە ڕێکخراوێکی ئایینی ، پەروەردەیی یان کۆمەڵایەتیدا لەخۆدەگرێت (Turner,1982:143).

بەپێی تیۆرەکە، پۆلێنکردن  (categorization) غەریزەیەکی سروشتی مرۆڤە کە یارمەتی دەدات ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی سادە بکاتەوە، هەربۆیە مرۆڤەکان دابەش دەبن بەسەر گرووپەکاندا، ئەم پرۆسەی پۆلێنکردنەش بەسەر گرووپی جۆراوجۆردا ناسنامەی کۆمەڵایەتی جیاواز دروست دەکات.

کاتێک تاک خۆی لەگەڵ گرووپێکدا دەناسێنێت، بە شێوەیەکی سروشتی بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆ ئەوەی هەست بە باشی و شانازی بکات بە ئەندام بوونی لەو گرووپە، بەدەستهێنانی ئەم هەستەش کاتێک دەبێت کە گرووپەکەی بە باشتر یان

لەبارتر لە گرووپەکانی تر سەیر بکات، ئەم پرۆسەیەش بە لایەنگری ناو گرووپ ناودەبرێت (Tajfel and Turner, 1979:81)، واتە تاکەکان دەست دەکەن بە بەراوردکردنی خۆیان لەگەڵ کەسانی سەرەوەی گرووپەکە و گرووپەکانی دیکە، ئەمەش بە بەراوردکاری کۆمەڵایەتی ناودەبرێت (Social Comparison)، کە ناوەندی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتییە و ئەو بیرۆکەیەیە کە تاکەکان بەراوردی گرووپەکەی خۆیان دەکەن بە ئامانجی جیاکردنەوەی ناو گرووپ لە دەرەوەی گرووپ (Hogg,2000:225)، لە کاتێکیشدا کە ئەندامانی گرووپێک هەست بە کەمی دەکەن بە ناساندنیان لەگەڵ گرووپەکەی خۆیاندا، ستراتیژی جووڵەی کۆمەڵایەتی یاخود بزاوتی کۆمەڵایەتی[١] دەگرنەبەر، بە جێهێشتنی گرووپی خۆیان بۆ گرووپێک کە پێیان وایە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە جیاواز و بەهادارتر و بەرزترە لە گرووپەکەی خۆیان. ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە تاکەکان وەک ئەندامی گرووپێک دەپەڕنەوە یان دەبنە ئەندامی گروپێکی دیکە، بە نموونە، ئەو کاتەی تاکێک دەچێتە ناو گرووپێکی ڕۆشنبیرانەوە بۆ ئەوەی هەمان ناسنامەی هەبێت، یاخود بەدەستهێنانی مافی هاووڵاتیبوون لە وڵاتێکی خوازراوتر کە جۆری ( ناسنامەی نەتەوەییە وەک لە پێشوودا ئاماژەی پێدرا) (Tajfel and Turner, 1986:204).

[١] بزاوت (لە ڕووی زمانەوانییەوە بە واتای جووڵە و گواستنەوە دێت، هەربۆیە مەبەست لە) بزاوتی کۆمەڵایەتی گۆڕان و جووڵەی ناو بونیادی کۆمەڵگا و گواستنەوەی پێکهاتەکانییەتی لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە، لە پێگە و شوێنگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ یەکێکی دیکە. بە واتایەکی دیکە گۆڕانکارییە لە دۆخی کۆمەڵایەتی تاک و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و جووڵەیان لەسەر پلیکانەکانی چینبەندی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەیان لە نێوانی بنکە و لوتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتیدا.

بەکورتی ئەم تیۆرە باس لەوە دەکات کە ناسنامەی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە ئەندامێتی لە گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا سەرچاوە دەگرێت، هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە کە تاکەکان چۆن خۆیان بەپێی ئەندامییەتی گرووپ پێناسە دەکەن و چۆن بەدوای ناسنامەی کۆمەڵایەتی ئەرێنیدا دەگەڕێن بە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو گرووپانەدا کە لایان وایە خاوەنی ناوبانگێکی زیاترن یان بەنرخترن لە گرووپەکانی خۆیان، یاخود لە چاوی کۆمەڵگادا گرووپی ئاست بەرزن. لە چوارچێوەی توێژینەوەکەدا دەتوانرێت زانکۆ تایبەتەکان وەک گرووپێکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت کە ناسنامەی خوێندکارەکانیان و تەنانەت خێزانی خوێندکارەکانیش دادەڕێژن، بە بوون بە خوێندکار لە زانکۆیەکی تایبەتی دیاریکراو، ڕەنگە خوێندکاران هەست بکەن کە سەر بە گروپێکن کە پێگەیەکی بەرزتریان پێدەبەخشێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر چۆنیەتی هەستکردنیان بە خۆیان هەیە بە بەراورد بە کەسانی دیکە یاخود هاوتەمەنەکانیان لە زانکۆ حکومییەکان، بەجۆرێک سەیری ئەزموونی پەروەردەیی خۆیان دەکەن و وەک کەسێکی بەناوبانگتر و دەستەبژێر خۆیان پێناسە دەکەن، واتە دەکەونە بەراوردکردنی خۆیان و گرووپی خۆیان کە زانکۆ تایبەتەکەیە بە گرووپی دەرەوە کە زانکۆی حکومییە. ئەمەش دیاری دەکات کە چۆن خوێندکاران ناسنامە کۆمەڵایەتییەکانیان بونیاد دەنێن بە جوڵەکردن و پەیوەندیکردن بە گرووپێک کە پێیان وایە باڵادەستترە یاخود خاوەن بەهایەکی کۆمەڵایەتی بەرزترە، ئەگەرچی مەرج نییە بەو جۆرەبێت. هەربۆیە، توێژەر بەکارهێنانی ئەم تیۆرەی بە گرنگزانی، بەهۆی ئەوەی بەکارهێنانی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا، هاوکارە لە تێگەشتن لە ڕۆڵی دامەزراوەیەکی پەروەردەی تایبەتی وەک زانکۆ لە داڕشتنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی خوێندکارەکانیدا.

**بەشی دووەم**

**باسی یەکەم/ میتۆدۆلۆژی**

ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە توێژینەوەیەکی چۆنایەتی، بە بەکارهێنانی میتۆدی شیکاریی بابەت ئەنجامدراوە، لە ڕێگای ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراووە زانیارییەکان کۆکراونەتەوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە، بریتییە لە زانکۆ تایبەتییەکانی شاری سلێمانی لەناو ئەوانیشدا سێ زانکۆی (کۆمار بۆ تەکنەلۆجیا، جیهان، گەشەپێدانی مرۆیی). نموونەی توێژینەوەکە، بریتییە لە (١٥) خوێندکار (٦ کوڕ و ٩ کچ) کە لە ٣ زانکۆی تایبەتی جیاوازی شاری سلێمانی دەخوێنن لە بەش و قۆناغی جیاواز، شێوازی وەرگرتنی نموونەکەش بریتییە لە جۆری نائەگەری مەبەستدار. هەموو چاوپێکەوتنەکان لە ماوەی دیاریکراودا کە (١٥) ڕۆژبوو و لە بەرواری ٢٠٢٤/١١/١ دەستیپێکرد و لە بەرواری ٢٠٢٤/١١/١٥ ئەنجامدراون. لەو ماوەیەدا، توێژەر سەردانی خوێندکارانی کردووە و چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجامداون، لە پێناو وردەکاری زیاتر بۆ وەرگرتنی وەڵام لێیان. شایانی باسە، لەم بەشەدا بەشێکی خوێندکاران ناوی خۆیان ئاماژە پێدا و بەشێکیان بەهۆی ئەوەی نەیاندەویست، ناوەکانیان تەنها بە پیتێک ئاماژەی پێدەدرێت.

**باسی دووەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکان**

پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە ، لە چوار تەوەردا خراونەتە ڕوو، ئەوانیش (زانیارییە کەسییەکان، هۆکاری خوێندن، بەراوردکردن بە دامەزراوە گشتییەکان، ناسنامەی کۆمەڵایەتی جیاواز) لەسەر ئەو بنەمایەش خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانمان بەسەر هەمان چوار تەوەردا دابەشکردووە.

**یەکەم: زانیارییە کەسییەکان:**

تایبەت بوو بە زانیارییە گشتییەکانی هەریەک لە نموونەی توێژینەوەکە. هەڵبەت ژمارەی نموونەکەمان ٦ کوڕ و ٩ کچی خوێندکاری زانکۆ تایبەتەکانی شاری سلێمانی بوون، کە بریتیبوون لە هەریەک لە زانکۆکانی (کۆمار بۆ تەکنەلۆجیا، جیهان، گەشەپێدانی مرۆیی)، بەش و قۆناغی خوێندنیان جیاوازبوو.

**دووەم: هۆکاری خوێندن:**

ئەم تەوەرە تایبەت بوو بە هۆکاری خوێندن، یەک پرسیاری لە خۆگرتبوو سەبارەت بە هۆکارێکی گشتی و سەرەکی بۆ خوێندنی خوێندکارەکە لە زانکۆی تایبەت، بۆ بەرچاوڕوونی توێژەر و خوێنەران سەبارەت بە هۆکاری هەڵبژاردنی زانکۆی تایبەت لەلای خوێندکاران کە ئایا تەواو کەسییە یان کۆمەڵایەتی. زۆرینەی خوێندکاران لە وەڵامدا هۆکاری خوێندنیان لە زانکۆ تایبەتەکان بۆ کەمی نمرەی بەدەستهاتوو دەگەڕاندەوە لە قۆناغی ئامادەییدا، هەندێکیان بەهۆی ئەوەی نمرەکەیان لە زانکۆی حکومی وەرنەدەگیرا و کەم بوو هەندێکیش بەهۆی ئەوەی بەشی دڵخوازی خۆیان لە زانکۆی حکومی نمرەی زۆر بەرزی پێویست بووە، ئەو کاتەی نەیانتوانیوە بەدەستی بهێنن ڕوویان لە زانکۆ تایبەتەکان کردووە. لەپاڵ ئەمانەدا بەشێکی دیکەی خوێندکاران لەگەڵ نمرەدا ئاماژەیان بەوەدا کە خێزانەکانیان هۆکار بوون بۆ هاتنیان بۆ ئەم زانکۆیانە و ئەو کاتەی ئەمان نمرەی وەک پێویستییان نەهێناوە خێزانەکان داکۆکییان لەسەر هاتنی ئەمان بۆ زانکۆی تایبەت کردووەتەوە، بە نموونە خوێندکارێک بە ناوی (ئەلەند ئیبراهیم) وتی "نمرەکەم کەمبوو و حەزیشم لە کۆلێژێکی بەرز بوو، خێزانەکەشم وایان پێ باشبوو کە بێمە ئێرە و ئەو بەشە بەرزە بخوێنم". هەروەها خوێندکار (ب) وتی "خێزانەکەم دەیانویست ببمە پزیشک، هەربۆیە ناردمیانە ئێرە، ڕاستە نابم بە پزیشک بەڵام لە بەشێکی پزیشکیم ئێستا". واتە وەک بینیمان هۆکاری دیاریکراو وەک ئەوەی دەردەکەوێت بۆ هەڵبژاردنی زانکۆی تایبەت لەلایەن خوێندکارانەوە بریتییە لە نەتوانینی بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و حەزکردن لە بەشی زانستی بەرز، بەجۆرێک نمرەی کەم لە زانکۆی حکومی ئەو بەشە بەرزانە وەریناگرێت، هەربۆیە خوێندکار ناچار دەبێت بە پێدانی بڕە پارەیەک لە بەشێکی بەرز بخوێنێت بەو نمرەیەوە کە بەدەستی هێناوە. ئەگەر لێرەدا ورد ببینەوە خوێندکار و خێزانەکانیان خواستیان لە بەشی بەرزە بۆ خوێندن کە بە گشتی کۆلێژی پزیشکی و ئەندازیاری دەگرێتەوە، بەهۆی ئەوەی بوون بە خاوەن پیشەیەک لەوانە (ناسنامەی پیشەیی) جیاواز بە تاکەکە و خێزانەکەشی دەبەخشێت، ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناوهێنانی پیشەکەیدا هەم خوێندکار خۆی هەم خێزانەکەی هەستی شانازی و ناسنامەیەکی جیاوازتر ئەزموون دەکەن. بە واتایەکی تر ئەو تێگەیشتنەی کۆمەڵگا هەیەتی بۆ ئەو پیشانە یاخود ئەو بەهایەی کۆمەڵگا دەیدات بەو پیشانە، فشار لەسەر خوێندکار و خێزانەکانیان دروستدەکات، کە بە هەر ڕێگایەک بێت هەوڵی بەدەستهێنانی ئەو پیشانە بدەن، هەڵبەت لێرەدا زانکۆ تایبەتەکان دەبنە ئامرازی بەدەستهێنانی ئەم پیشە دڵخوازەیان.

**سێهەم: بەراوردکردن بە دامەزراوە گشتییەکان:**

ئەم تەوەرە خۆی لە سێ پرسیاردا دەبینییەوە سەبارەت بە جیاواز بینینی خوێندکارەکان خۆیان لە خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکان. هەڵبەت ئەم تەوەرە لەسەر بنەمای یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی کە بەراوردکاری کۆمەڵایەتی تاکەکانی ناو گرووپە بە کەسانی دەرەوەی گروپ دارێژراوە. یەکەم پرسیاریان، خوێندکار جیاوازی دەرفەتە بەردەستەکان لەناو کەمپی زانکۆ لەنێوان زانکۆی حکومی و تایبەتدا چۆن دەبینێت. دووەمیان، خوێندکارەکە ئەزموونی خۆی چۆن بەراورد دەکات بە بەراورد بە خوێندکارێک کە لە زانکۆیەکی حکومی دەخوێنێت، سێهەمیان لە ڕووی گەشتن بە ئاوات و ئامانجەکانەوە جیاوازییەکان چۆن دەبینێت. بۆ ئەم مەبەستە لە کاتی پرسیارکردن لە خوێندکاراندا، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە کۆی خوێندکاران ڕایان وایە کە جیاوازیان زۆرە لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکاندا، هەڵبەت هۆکارەکانیان بە گشتی بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە پێیان وایە لەم زانکۆیانە گرنگی زیاتر بە خوێندکار دەدرێت و چالاکی و وانەی پراکتیکییان زیاترە کە ئاستی زانیاری خوێندکار زیاتر دەباتە پێشەوە، هەروەها کەمپەکانیان فراوانە و تاقیگەی پێشکەوتوو و کتێبخانەی ئاست بەرزییان هەیە کە دەرفەتی باشن لەبەردەم خۆدروستکردنی زیاتری خوێندکارەکانیاندا، هەروەها خاوەنی مامۆستای دەرەکیین و بە گشتی ئاستی زانستی مامۆستاکانیان بەرزە و هاوڕێیانە مامەڵە دەکەن لەگەڵ خوێندکاراندا. لە هەمان کاتدا لێرەدا خوێندکار (ج) ئاماژەی بەوەدا "ئەم زانکۆیانە زیاتر تێکەڵاویت بۆ دروست دەکات لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوە، لە هەمان کاتدا باشترین مامۆستاکان لێرە وانە دەڵێنەوە، بەو پێیەی لەسەر بنەمای توانای ئەکادیمی و خوێندنی بەرز وەرگیراون، کە ئێمە زانیاری زۆریان لێوەردەگرین". لەپاڵ ئەم هۆکارانەدا بە گشتی ڕایان وایە کە لە ڕووی گەشتن بە ئاوات و ئامانجەکانەوە جیاوازییان زۆرە لەگەڵ خوێندکارانی دیکە بەو هۆکارە سەرەکییەی کە، هەلی کار لەدوای تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ بۆ خوێندکارانی زانکۆی تایبەت زیاترە و بێکار نامێننەوە، خوێندکار (محمد هاشم) وتی "بەهۆی ئەوەی خاوەن کارەکان لایان وایە خوێندکارانی وەکو ئێمە خوێندنێکی کوالێتی بەرزیان هەبووە و فێری زمان بوون، زیاتر ئێمە وەردەگرن و داهاتوومان مسۆگەرە"، لەگەڵ ئەمدا خوێندکار (د) ئاماژەی بەوەدا "بەهۆی ئەوەی ئێمە بە گشتی لەو بەشانە دەخوێنین کە بەرزن وەک پزیشکی، هەربۆیە بە دڵنیایی هەلی کارمان زیاترە چونکە کۆمەڵگا پێویستی بەو پیشەیە هەیە". هەربۆیە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خوێندکاران ئەو جیاوازییە دەبینن کە لەنێوان ژینگەی خۆیان و زانکۆ حکومییەکاندا هەیە و ڕاستەوخۆ بەراوردی خۆیان دەکەن بە خوێندکارانی دەرەوەی زانکۆی تایبەت. ئەوەی پێویست دەکات ئاماژەی پێبدەین لێرەدا ئەوەیە کە لەدوای ساڵی (٢٠١٤) و هێرشی داعش و خراپبوونی بارودۆخی ئابووری کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی کەرتی حکومی خاوبوونەوە و لاوازبوونی بەخۆوە بینی، کارمەند و مامۆستایان بەهۆی لێبڕین و دواکەوتنی موچەکانیانەوە کاتەکانی چوونە کاریان کەمتر کردووەتەوە، یاخود بە هۆکاری خراپی بارودۆخی ئابووری بایکۆتی چوونە سەر کار دەکەن، لەم کاتەشدا دەکرێت نەتوانن حەقی تەواو بدەنە کارەکەیان، لەپاڵ ئەمەشدا نەبوونی هەلی کار و بوونی ژمارەیەکی زۆر دەرچووی زانکۆی بێکار وایکردووە کە خەڵکی بۆ ڕێگایەکی دیکە بگەڕێت بۆ داهاتوویەکی باشتر، هەربۆیە زانکۆ تایبەتەکان بە شێوەیەکی زەق دەرکەوتن و مژدەی ئەوەیان دا بە خوێندکاران کە ژینگەیەکی باش و تەواویان بۆ دابین دەکەن جیاواز لە جێگا حکومییەکان و داهاتوویان بەهۆی کۆلێژە بەرزەکان و خوێندنە کوالیتییەکەیانەوە مسۆگەر دەبێت، هەڵبەت هەموو ئەمانە لە ڕێگای پلاتفۆرمەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕیکلامەکانیانەوە زیاتر دەرخست و کەوتنە بەرچاوی خەڵکێکی زیاتر. هەربۆیە خەڵکی پەیتا پەیتا هەوڵیدا ئەو جیاوازییە وەربگرێت بە ئومێدی ئایندەیەکی باشتر و وەرگرتنی ناسنامەیەکی جیاوازتر، خوێندکار (س) زۆر بە جوانی ئەم دۆخەی ڕوون کردەوە و وتی "لێرە بواری زیاتر ڕەخساوە کە فێربوونمان دەباتە پێشەوە، ژینگەی ئێرە ئارامترە و دوورە لە کێشەی سیاسی و ئابووری وڵات، ئەوەیە کە جیاوازی دروست کردووە". واتە خوێندکارێکی زانکۆ تایبەتەکان ئەو کاتەی دوور دەبێت لە بارودۆخی خراپی وڵات ئیدی لە هەر سێکتەرێکدا بێت، سەرنجی بەردەوامی دەخاتە سەر خوێندنەکەیی و جێگای خوێندنەکەشی هەڵبەت بە دوور لەو کێشانەی وڵات بەردەوام کاری خۆی دەکات و کاریگەری دەرەوەی لەسەر نییە، ئەمە وا دەکات بۆ خاوەن کارێک یاخود کەسێکی دەرەکی دەرچوویەکی ئەم زانکۆیانە لێهاتووتر بن و زۆرترین زانیاری لە کاتی زانکۆ وەرگرتبێت، ئەمەش هۆکاری وەرگرتنی زیاتریانە. هەربۆیەش ئەو کاتەی خوێندکاران خۆیان و خێزانەکانیشیان دەزانن کە خوێندنی زانکۆ تایبەتەکان بە ئارامی و بێ کێشە بەڕێوەدەچێت و بەردەوام چالاکییەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبینن و دەزانن کە بەردەوامن لە کار و چالاکی و ژینگەکەیان لەبارە، لە هەمان کاتدا لە کۆلێژێکی بەرز دەخوێنن و داهاتووشیان بە باشتر دەبینن، سوورتر دەبن لەسەر خوێندن لەم زانکۆیانە بە ئومێدی داڕشتنی ناسنامەیەکی بەرزتر.

**چوارەم: ناسنامەی کۆمەڵایەتی جیاواز:**

تەوەری کۆتایی سەبارەت بە هەستکردنە بە ناسنامەی جیاواز لەلایەن خوێندکارانەوە. ئەم تەوەرە دوو پرسیار لە خۆ دەگرێت ئەوانیش، بوونی تاکەکە وەک خوێندکارێکی زانکۆی تایبەت وایکردووە خەڵکی چۆن سەیری ناسنامەکەی بکەن. پاشان، ئەم ناسنامە جیاوازە وای کردووە هەست بە شانازی بکات یاخود نا. وەڵامی خوێندکارانی بەشداربوو بە شێوەیەکی گشتی وەک یەکبوو، پێیان وایە لە چاوی کۆمەڵگا ئەمان بەرزترن لە خوێندکارێکی زانکۆی حکومی، ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە بەپێی وەڵامی ئەوان، ئەویش یەکەمیان بەو پێیەی کۆمەڵگا دەزانێت ئەم زانکۆیانە زیاتر گرنگی بە خوێندکارەکانیان دەدەن و فێری زمان و کارامەیی نوێیان دەکەن، دووەمیان بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا وا سەیری ئەمان دەکات کە لە خێزانێکەوە هاتوون کە ئاستی ئابوورییان بەرزە، ئەگەرچی خۆیان ئاماژە بەوە دەدەن کە مەرج نییە بەو جۆرە بێت و بگرە هەموو چینەکانی تیادان، بەڵام لە چاوی کۆمەڵگادا نەخێر تەنها تایبەتە بە چینێکی بەرز و وەک خوێندکار ئەمانیش ئەوە بە دەرفەتێک دەبینن بۆ شانازی کردن بە خوێندکاربوونیانەوە لەو زانکۆیانە. لەم نێوەندەدا خوێندکار (ش) لێرەدا وتی "کۆمەڵگا وەک کەسێکی دەوڵەمەند لێت دەڕوانن، هەندێک جار تەنانەت بە شایەنی ئەو کۆلێژەت نازانن کە لێی دەخوێنیت بەو پێیەی لایان وایە کە بەهۆی پارەوە وەرگیراویت و لەوێ دەخوێنیت، دەوڵەمەند نەبوویتایە لەو کۆلێژە بەرزە نەتدەتوانی بخوێنی" . واتە لە زهنییەتی گشتی کۆمەڵگادا خوێندن لە زانکۆیەکی تایبەت هاوتەریبە لەگەڵ دۆخێکی ئابووری زۆر باش، هەربۆیە کاتێک کەسێک بڕیار دەدات لەم زانکۆیانە دەستبکات بە خوێندن لەبەرچاوییەتی کە دەوروبەر وەک "دەوڵەمەند" یان لە چینێکی کۆمەڵایەتی بەرزەوە هاتوو لێی دەڕوانن ئەمەش ڕاستەوخۆ ناسنامەی ئەوان دادەڕێژێت و پەسەندتریان دەکات (هەمان سەرنجی تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتیشە لەسەر جیاوازییە چینایەتییەکانی نێوان گرووپەکان بۆ هەستکردن بە ناسنامەی جیاواز)، لەگەڵ ئەوەشی وەک لەم وەڵامەدا دەردەکەوێت مەرج نییە وەرگرتنی ناسنامەیەکی جیاواز بەهۆی خوێندن لە زانکۆیەک یاخود بوون لەناو گرووپێکی پەسەندکراودا بەهۆی دۆخی ئابووری باشەوە ڕاستەوخۆ ڕێزی کۆمەڵایەتی بۆ تاک بهێنێت، بەڵکو پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکە لە دەرەوەی پێگەی ئابووری و پێگەی زانکۆکەی، هەروەها پێگەی خێزانەکەی لە دەرەوەی پێگەی ئابوورییان هۆکاری دیکەی سەرەکین بۆ وەرگرتنی ڕێزی دەوروبەر بە جیاواز لەوەی تاکەکان بیری لێدەکەنەوە. لەپاڵ ئەمانەدا خوێندکار (ع) پێی وابوو کە "بەڵێ خوێندکاربوونمان لێرە کاریگەری زۆری لەسەر ناسنامەمان دروست کردووە و هەست دەکەم ڕێز لێگیراوترم، بە جۆرێک کاتێک لەلای خەڵکی دەڵێم خوێندکاری ئەو کۆلێژەم لەو زانکۆیە زیاتر ڕێزم لێدەگرن. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە خوێندکار هەست بە وەرگرتنی ناسنامەی جیاواز دەکات لە کاتی خوێندنیدا لە زانکۆیەکی تایبەت، بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگا بەو چاوە سەیری دەکات کە لە چینێکی بەرزە بەو پێیەی لەو زانکۆیانە دەخوێنێت و گرنگی پێدەدرێت و ئاستی زانیاری باشترە.

بەجۆرێک چەند خوێندکارێک ئاماژەیان بەوەدا کە لەناو زانکۆ تایبەتەکان خۆشیاندا چینەکان جیابوونەتەوە و ئەگەر کەسێک لە زانکۆی تایبەتی (ا) بخوێنێت دیارە دۆخی باشترە لە کەسێک کە لە زانکۆی تایبەتی (ب) دەخوێنێت و بەم جۆرە بەردەوامە خولەکە، واتە بەدەر لە توانا و کوالێتی و ئاستی زانکۆ لە ئێستادا ئەوەی لەگەڵ ناوی دامەزراوەیەکی تایبەت و تایبەتتر زانکۆیەکی تایبەتدا دێت بریتییە لە ئاست و چین و پێگە و ناسنامەی کۆمەڵایەتی.

**دەرئەنجام:**

ناسنامەی کۆمەڵایەتی تاکێک بە خۆخستنەپاڵ گرووپێکی جیاواز و بەرزتر لە گرووپی خۆی بۆ گەشتن بەو ناسنامەیەی ئەوان هەیانە دروستدەبێت. ئەم توێژینەوەیەش لێکۆڵینەوەیەکی وردی لەو ڕۆڵە کردووە کە زانکۆ تایبەتەکان دەیگێڕن وەک گرووپێکی کۆمەڵایەتی بەرزتر بۆ داڕشتنی ناسنامەی کۆمەڵایەتی خوێندکارانیان. بەو پێیەی وەک دەرکەوتووە خوێندکاران تەنها لە ژێر کاریگەری ئەو پەروەردە و زانیارییانەدا نین کە لەو زانکۆیانە وەریدەگرن، بەڵکو بەهۆی ئەو ئەزموونە کلتووری و کۆمەڵایەتییانەشەوە کە لەو زانکۆیانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە دەتوانن ببنە خاوەنی ناسنامەیەکی جیاواز لەوەی هەیانە، بەجۆرێک نەک تەنها بۆ خۆیان بەڵکو بۆ خێزانەکانیشیان دەگوازرێتەوە.

هەروەک لە شیکردنەوەی وەڵامی خوێندکارانی بەشداربوو بینیمان، وەڵام و ڕای هەریەک لە خوێندکاران سەبارەت بەم پرسە نزیکە لەیەک و بە گشتی وەک یەکیشە، هەربۆیە دەکرێت ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەشتووە لە چەند خاڵێک ڕوون بکرێنەوە:

١. هۆکاری هەڵبژاردنی زانکۆی تایبەت لە سەرەتادا لەلایەن خوێندکارانەوە دەگەڕێتەوە بۆ چوونە کۆلێژێکی بەرزتر و بوونە خاوەن پیشەیەکی بەرزتر لە داهاتوودا، کە کۆلێژ و پیشەی بەرز دەتوانن خۆیان گرووپێکی جیاواز بن و ببێتە هۆی گۆڕینی ناسنامەی خوێندکار کە ناسنامەی پیشەییە، لە هەمان کاتدا شانازی پێکردنیشییان لەلایەن خێزانەکانیانەوە.

٢. بەهۆی ئەوەی زانکۆ تایبەتەکان ژینگەیەکی ئارام و دوور لە کێشەی سیاسی و ئابووری وڵاتیان دروستکردووە، لە هەمان کاتدا هەمیشە لەڕێگای پلاتفۆرم و ڕیکلامەوە بانگەشەی هەلی کاری باشتر و داهاتووی مسۆگەر دەکەن، ئەمانە وایان کردووە خوێندکارانی ئەم زانکۆ تایبەتانە خۆیان بە جیاوازتر لە خوێندکارانی زانکۆ حکومییەکان ببینن و معریفەی تاکەکانی کۆمەڵگاش بە گشتی ئاراستە بکەن.

٣. بە خوێندن لە زانکۆیەکی تایبەت خوێندکار هەست بە ناسنامەیەکی جیاوازتر دەکات، بە جۆرێک کە لەچاوی کۆمەڵگادا خوێندن لەم زانکۆیانە دەرفەتی زانستی زیاتری هەیە، بەو هۆیەی کۆمەڵگا پێی وایە ئەوەی لەم زانکۆیانە بخوێنێت دەبێت لە چینێکی بەرزتربێت هەربۆیە ڕێزلێگیراوتر و پەسەندترن لەلایان.

لە کۆتاییدا دەگەینە ئەوەی، زانکۆ تایبەتەکان لە شاری سلێمانی لەم ساڵانەی دواییدا توانییان بارودۆخی ئابووری و سیاسی وڵات بقۆزنەوە بۆ ڕاکێشانی برێکی زۆری خوێندکار بۆ خوێندن لەلایان. بە مانایەکی تر ئەو معریفەیەی کە تایبەتە بە چینی باڵا بەرهەم دەهێنرێتەوە لەڕێگای تیشک خستنە سەر لایەنە ماددییەکانی زانکۆکە و دەرەوەی زانکۆکەش وەک (بوونی کەمپی باشی خوێندن و تاقیگە و کتێبخانە و چالاکییە بەردەوامەکانیان)، زەقکردنەوەی ئەم لایەنانەش (کە مەرج نییە ناوەڕۆکەکەی وابێت) لە ڕێگای ڕیکلامەوە دەبێتە مەعریفەیەک و بەسەر کۆی کۆمەڵگادا دەسەپێنرێت، وا دەکات بە چاوێکی جیاوازتر لێیان بڕوانرێت و خەڵکی بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەیەکی جیاوازتر ڕووی تێبکەن و چاوی کۆمەڵگا و بڕیاری کۆمەڵگا لەبارەیانەوە بکەنە پێوەر بۆ خوێندنی چەندین ساڵی زانکۆیان.

**ڕاسپاردە و پێشنیار:**

١. هەریەک لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکان دەستپێشخەری بکەن بۆ یەکگرتن لە نێوان خوێندکارانی هەردوو لایاندا بە مەبەستی کەمکردنەوەی دابەشبوون و چینایەتی کۆمەڵایەتی.

٢. زانکۆ حکومی و تایبەتەکان هەوڵی هاوبەشیپێکردنی سەرچاوەکانیان بدەن و توێژینەوەی هاوبەش ئەنجام بدەن بە مەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان هەردوو کەرتەکە.

٣. زانکۆکان سەرنجی سەرەکییان لەسەر دەستکەوتە ئەکادیمییەکان بێت، نەک لایەنە ماددییەکان، کە جیاوازییە چینایەتییەکان بەهێزتربکات و هێمای پێگەی کۆمەڵایەتی بێت.

٤. زانکۆ حکومییەکان بە هەمان شێوەی زانکۆ تایبەتەکان چالاکی و کارەکانیان نیشانی دەرەوە بدەن لەڕێگای پلاتفۆرمەکانیانەوە، هەروەها وردەکاری لەسەر ئامانجی ئەو بەشانە بدەن کە لە زانکۆکانیاندا هەن و گرنگییەکانیان بۆ بازاڕی کار دەربخەن تاکو کۆمەڵگا معریفەی لەبارەیانەوە هەبێت هاوشێوەی زانکۆ تایبەتەکان.

٥. توێژەران توێژینەوەی زیاتر ئەنجام بدەن دەربارەی ڕۆڵی هەموو دامەزراوە تایبەتەکان لەسەر ئەو وێنەیەی تاک سەبارەت بەخۆی بۆی دروست دەبێت و ناسنامە و پێگەی جیاوازی پێدەبەخشێت لەلای دەورووبەر، بە تایبەتیش دامەزراوەی پەروەردەیی و تەندروستی تایبەت.

## سەرچاوەکان


1. یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق
2. قانون التعليم العالي االهلي رقم ٢٥ لسنة ٢٠١٦
3. Antalyalı, Ö.L. (2007) 'Tarihsel süreç içerisinde üniversite misyonlarının oluşumu', Journal of Suleyman Demiral University, 6.
4. Deaux, K. (2011) Social identity. Academic Press.
5. Deaux, K. (2015) 'Social identity in sociology', in International Encyclopedia of the Social and Behavioral Sciences. 2nd edn, vol. 22. [Publisher details if required].
6. Hogg, M.A. (2000) 'Subjective uncertainty reduction through selfcategorization: A motivational theory of social identity processes', European Review of Social Psychology.
7. Kıroğlu, H. (2020) Sosyal, Beşeri ve idari bilimler alanında akademik çalışmalar. Cilt 5. Ankara: Gece Kitaplığı.
8. Saban, A.İ. (2016) 'Üniversitenin Kuruluş ve Öğretim Amacı Ne Olmalıdır?', MSKU Journal of Education, 3(2).
9. Stets, J.E. and Burke, P.J. (2000) 'Identity theory and social identity theory', Social Quarterly.
10. Tajfel, H. and Turner, J.C. (1979) 'An integrative theory of intergroup conflict', in Austin, W.G. and Worchel, S. (eds.) The Social Psychology of Intergroup Relations. [Publisher details if required].
11. Tajfel, H. and Turner, J.C. (1986) 'The social identity theory of intergroup behaviour', in Worchel, S. and Austin, W.G. (eds.) Psychology of Intergroup Relations. [Publisher details if required].
12. Turner, J. and Oakes, P. (1986) 'The significance of the social identity concept for social psychology with reference to individualism, interactionism and social influence', British Journal of Social Psychology.
13. Turner, J.C. (1982) 'Towards a cognitive redefinition of the social group', in Tajfel, H. (ed.) Self Identity and Intergroup Relation. Cambridge: Cambridge University Press.

Vision Foundation
for Strategic Studies